# تزڤیتان
# تۆدۆرۆڤ
# Tzvitan todorov

ئا : هەردی عومەر



**ژیاننامە**

تۆدۆرۆڤ لە 1939/5/1 لە شاری سۆفیا لە بولگاریا لە دایکبووەو لە ساڵی 1963 وە لە فەرەنسا دەژی و بە فەیلەسوفێکی فەرەنسی بولگاری ناسراوە، بە گشتی تۆدۆرۆڤ لەسەر تیۆری ئەدەبی، مێژووی فکر، تیۆری رۆشنبیری شتی نوسیوە و بەیەکێك لە رەخنەگرە ئەدەبیەکانی سەر بە بونیادگەری ناسراوە.

لە سەرەتای نوسینیەوە تاوەکو ئەمڕۆ (21) کتێبی نوسیوە لەوانە (شاعریەتی پەخشان 1971، پیشەی شاعریەتی 1981، رزگارکردنی ئەمریکا 1982، میخائیل باختیف (پرەنسیپی گفتوگۆیی) 1984، ژیانی ئاکاریەتی لەسەربازگەی گیراوەکاندا 1991، لە بارەی هەمەجۆری مرۆڤ 1993، هیوا و زاکرە 2003، پەرچە کرداریە ئەوروپیەکان 2005، دیفاعکردن لە رۆشنگەری 2009، ئەوەی لە پشت ململانێ شارستانیەتەکانەوەیە 2010، موروس 2011).

**بواری کارکردن**

گرنگیدانەکانی تۆدۆرۆڤ بە گشتی چڕبوونەتەوە لەسەر مێژوو لەبارەی دۆزە حاسمەکانی وەك داگیرکردنی ئەمریکیەکان و سەربازگەی گیراوەکانی



نازی و ستالینی، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستایەکی وانەبێژ بووە لە زۆر لە زانکۆکاندا لەوانە زانکۆی (هارڤارد، ویبل، کۆلۆمبیا، کالیفۆرنیا، بیرکلی) و خاوەنی چەندین مەدالیای جیاجیایە ، بەهۆی ئەو کارە گرنگانەی کە لەسەر شێوەی ئەدەبی کردونی ئەوەی جێگەی تێرامانە لە رێرەوی کارکردنی تۆدۆرۆف دا بە تەواوی لە رێگەی کارکردنی رەخنەی ئەدەبیەوە گواسترایەوە بۆ فکر و فەلسەفە، چونکە لە سەرەتادا هەمووان پێیانوابوو کە هەموو ژیانی تایبەت دەکات بۆ رەخنەگرتن لە کارە ئەدەبیەکان و شرۆڤەکردنیان، بەڵام نەك بەمەوە نەوەستاوە، بەڵکو بە تەواوی لە بونیادگەری هەڵگەرایەوە کە لە ساڵانی 60–70 کاندا یەکێك بووە لە رابەرانی و لەدوا لێدوانیدا دەڵێت (شرۆڤەی زمانەوانی و شێوازگەری دەقە ئەدەبیەکان لە خودی خۆیدا بووە بەهانەیەك لەبری ئەوەی وەسیلەیەك بێت بۆ تێگەیشتنی جوانیەکانی ئەدەب، چونکە لە کۆتایی رێگادا واتای ئەدەب گرنگە و رێگەی گوزارشتکردن رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت، ئەمەش واتای ئەوەیە تەنها بسە نیە بونیادی دەق وەك لاشەیەکی بێدەنگ لێکبدەینەوە هەوەك چۆن لیڤی شتراوس، جاکۆبسن لە لێکدانەوە بە ناوبانگەکانیاندا( پشیلەکان – بۆدلێر) دا کردوویانە، بەڵکو گرنگە لە واتای دەقی بۆدلێر بپرسین بەوەی بۆدلێر دەیەوێت چی بڵێت؟ غەمی بۆدلێر چییە؟ کێشەی کەسی لەگەڵ جیهان و بووندا لە کوێدایە؟ بۆچی بۆدلێر بووەتە شاعیر؟

ئەم پرسیارانە لە هەیمەنەی دەسەڵاتی بونیادگەریدا لە گۆڕەپانی رۆشنبیری لە فەرەنسا دا قەدەغەبوو، لەمبارەیەوە دەڵێت(( کاتێك هاتمە فەرەنسا ئەم بارودۆخە لە ساڵانی حەفتاکاندا ئەم بونیادگەرییە شکلانیە دەستی بەسەر تەواوی کەشی زانکۆکاندا تا ئاستێکی زۆر توند گرتبوو، هەمووانی سەرقاڵکردبوو بە پارچە پارچە کردنی دەقی شیعری و ژمارەی پیت و میانەکان وناو وکردارەکان و ئامرازە پەیوەندیەکان و بە تەواوی واتایان لەبیرکردبوو ، لەو کاتانەشدا پێیاندەوتین ئەمە پرۆگرامی زانستیە لە رەخنەدا)) تۆدۆرۆف مرۆییە و کاری لەسەرئەوەکردووە بۆیە زۆر سەرسام بووە بە جان جاك رۆسۆ تا ئاستێك کە بیپەرستێت، لە هەموو بیرێك واتای نییە، ئەگەر ئاراستەکەی مرۆیی و خۆشی تاك و کۆمەڵگا لە یەك کاتدا نەبێت.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت**